# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەراسەری پەنابەرانی عێراقی

<u>کەندا 15-12-2007</u>

## فیدراسیۆنی پەنابەران لە کەنەدا بەشداری کۆنفرانسی ساڵانەی رێکخراوی Canadian council for refugees(CCR) کرد

جەلال سەعید سکرتێری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی لە کەنەدا را ي طةياند: كة فیدراسیۆنی ئەندامیکی چالاکی ئەو رێکخراوەیە بوو، لەم کۆنفرانسەدا کە چوار رۆژی خایاند لە 2007/11/29 تاوەکو 2007/12/1 کە زیاتر لە 30 لێکۆلینەوە و سمینار کرا ،

لە کۆی گشتی دا هەر هەموو باسەکان لە چوار چێوەی چۆنیەتی یارمەتی دانی پەناهندەو بەدەست هێنانی مافی زیاتر بۆ پەناهندە لە کەنەداو دنیا . دیارە پەناهندەی عێراقی کە ئێستا زیاتر لە پێنج ملیۆن پاناهندەیە، زۆرترین باس و لێکۆلینەوەی لەسەر بوو، سەرەتا MR. Jahanshah Assadi نوێنەری UNHCR لە کەنەدا لە دەست پێکردنی کۆنفراسەکە ووتەیەکی پێشکەش کرد کە تێیدا تەکیدی لەسەر یارمەتی دانی پەناهندەی عراقی کردەوە هە روەها هەر یەکە لە نوێنەرانی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال و سەرۆکی رێکخراوی( CCR) قسەیان بۆ ئامەدەبوان کرد هەر یەکە بە جۆریک سوپاسی دەولەتی کەنەدایان کرد بۆ ئەو بانگەوازەی کە بۆ خێراکردنی پرۆسەی عێراقیەکان لە دەزگاکانی پەیوەند بە هێنانی کەس و کاری ئەو عێراقیانەی نشتە جێی وولاتی کەنەدان کە ئیش و کاری سپانسۆریان بۆ کردوون.

لە کۆتایدا هەموو بە یەک دەنگ بریارێک پەسند کراکە لەلایان جەلال سەعید نوینەری فدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی و Glynis Williams هەلسوراوێکی کەنەدیە لە ناوچەی مۆنتریال وە ئێستا لەگەل UNHCR ی سوریا کار دەکات بۆ کارو باری پەناهندەی عێراقی کە ئەمەش دەقەکەیەتی......

لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

- ئەو ژمارە زۆرە لە پەنابەرانی عێراقی کە روویان کردۆتە وولاتانی دراوسێ فشاری خراپی خستۆتە سەریان لە رووی ئابوری و ئاسایشەوە بەتایبەت سوریا و ئوردن بۆیە ناتوانن وەک پێوست یارمەتی پەناهندەی عێراقی بدەن لە شێوەی جێگاوخەستەخانەو خوێندن و شتە زەرورەکان.
- خۆ بە مەسئوول نەزانینی کۆمەلگەی نێو دەولەتی وەک پێوست بەرانبە ر وەزعی نالەباری پەناهندەی عێراقی لەو وولاتانە وە کۆمەک نەکردنی ئەو رێکخراوە ناوچەیانەی کە حازرن یارمەتی پەناهندەی عێراقی دەدەن.
- هەروەها لەبەر ئەوەی لەکەنەدا زۆرێک لە و رێکخراوانە کە یارمەتی پەناهندە دەدەن لەگەل زۆرترین کۆمنتی عێراقی ئامادەیی خۆیان بۆ حکومەتی کەنەدا راگەیاندوە کە ئامەدەیی تەواویان هەیە بۆ هەموو مەسئولیەتیک بۆ پەناهندەی عیراقی .

**بەو هۆیانەی سەرەوە CCR دەنگ بەم بریارانەی خوارەوە دەدات کە فشاردەخاتە سەر حکومەتی کەنەدا کە ئەم خالانە جێ بەجێ بکات:**

1. حکومەتی کەنەدا فشار بخاتە سەر ئەو وولاتانەی کە هیچی تر پەناهندەی کوردی و عێراقی لە ژێر هەر بیانوێکدا دیپۆرت نەکاتەوە.

2. کۆمەکی مادی و مەعنەوی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بۆ پەناهندەی عێراقی لە وڵاتانی سوریا و ئوردون کە زۆرترین پەناهەندە رووی تێکردوون.
3. داوای بە پەلە لە حکوومەتی کەنەدا دەکەین کە سنوورەکانی خۆی بەتایبەت لەگەل ئەمریکادا بەرووی پەناهەندەی عێراقیدا بکاتەوە کە داوای پەناهەندەیی دەکەن.
4. بەرزکردنەوەی وەرگرتنی ژمارەی پەنابەرانی عێراقی چ ئەوانەی لە رێگەی UNHCR دەدرێنە سەفارەتەکانی کەنەدا و یان ئەوانەی راستەوخۆ لە رێگەی privet sponsorship دێن بۆ کەنەدا کە لەسەر حیسابی پەنابەری وڵاتانی تر نەبێ.
5. ئاسان کردن و خێراکردنی مەعامەلەی نیشتەجێکردنی پەناهەندەی عێراقی لە کەنەدا.
6. بەرزکردنەوەی ئاستی ووشیاری خەڵکی کەنەدی بۆ یارمەتی دانی پەنابەرانی عێراقی بەتایبەت لە رووی سپانسۆری تایبەتیەوە.
7. دەبێت حکومەتی کەنەدی پرۆسەی موعامەلاتی پەنابەری عێراقی دوا نەخا بە هۆی ئەو قەرارە تازەیەی کە وەزارەتی کۆچ و پەنابەران کە تێیدا داوا کراوە پەلە بکرێت لە یەکگرتنەوەی خێزانی عێراقی، کە بە هۆی وەزعی تایبەتی عێراقەوە پەرتوو بڵاو بوون.
8. دەوڵەتی کەنەدی بەرپرسیارێتی زیاتر لە خۆی نیشان بدات لە بەرامبەر UNHCR بۆ ئەو پەنابەرە فەلەستینیانەی کە لە کەمپی نێوان سوریا و عێراقدا نیشتەجێن.

iraqifederation@yahoo.ca
Tel: 0015198411816
Fax: 0015198271047

IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,**

**d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com**

Jasim Gafur: Jasm_rg@yahoo.co.uk Burhan Fatah : burhanfatah@aol.com Mobile: 07877489626 **or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083

www.csdiraq.com